# فایلی
# ژان بۆدریار

ئامادەکردنی: هاوار محەمەد





# ژان بۆدریار کێیه؟

د. جەلال بەدله

ژان بۆدریار (1929-2007)، فەیلەسوف و سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی، خاوەنی چەند بەرهەمێکە کە بۆ زۆربەی زمانەکانی دونیا وەرگێردراوە. ناتوانین پۆلێنی بکەین، دژایەتیی فیکری ئازاد و فیکری جێگیری هاوچەرخەکانی خۆی خستۆتە دژیەکییەوە. هاوشوناسبوونی لەگەڵ سیستەمە فیکرییەکاندا ڕەت کردۆتەوە، ڕەخنەی لەو بیرمەندە گرتووە کە وانە خەڵک دادەدات و تیۆریزەی ئەخلاق دەکات. ئەم بەرهەڵستکارەی بۆردیۆ و ئەم نزیکەی ڕۆلان بارت، بارت ساڵی 1929 لە ڕیم لەدایکبووە. دوای ئەوەی سۆسیۆلۆژیا و زمانی ئەڵمانیی خوێندووە، لە ساڵی 1966 دا لە نانتێر دامەزراوە، دواتریش لە ناوەندی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی (CNRS). بەشداربووە لە وەرگێڕانی «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی»ی «کارل مارکس»، قەسیدەکانی هۆڵدەرینی وەرگێڕاوە کە لە ساڵی 2005دا بڵاوکرایەوە. ئیلهامبەخشی چەندین هونەرمەند و مۆسیقار و سیناریۆنووس بووە.

سەرسامبووە بە ئایدیای هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکای دڵخوازی جاک دێریدا و فرانسوا لیوتار، بەڵام کەوتۆتە ژێر کاریگەریی تیۆرە بونیادگەرییەکانیشەوە دەربارەی زمان. توانیویەتی فیکری ناوازەی خۆی لە هەندێ کتێبدا بسەپێنێت. بە تایبەتی نەزمی شتەکان (1968)، کۆمەڵگەی بەکاربەر (1970)، ئاڵوگۆڕی ڕەمزی و مەرگ (1976) کە ڕەنگە بتوانین وەها وەسفی ئەم دەقە بکەین کە خولیایەکی زۆری هەبووە، بابەتەکەیشی تێڕامانە لە بارەی ئایدیاکانی دیاری و بەفیڕۆدان لە ڕوانگەی بەرهەمی ئەنترۆپۆلۆژیستەکانەوە، بە تایبەتیش کارەکانی مارسیل موس. خۆی لە فیکری مارکسیستی دوورخستەوە و ڕەخنەی توندی لەو فۆرمە فیکرییانە گرتووە کە لە شۆڕشی قوتابیانی ساڵی 1968وە سەریانهەڵداوە. ڕەخنەیەکی توند و ئایرۆنیکی لە فیکری پۆستمۆدێرنیستی گرتووە و بەلای ئەوەوە مەیلی لە داخوراندنی ڕێبازە گەورەکان و هەژموونی شێوازی ژیانی بەرخۆری هەیە.

بە بڕوای بۆدریار، لە جیهانێکدا دەژین کە «دال»ی ترانسێندنتاڵی پەرتوبڵاو دەبێتەوە و لەم جیهانەدا دیاریکردنی «حەقیقەتی واقیعی»ی ئۆبێکتیڤ کێشەئامێزە. ئەمە ئەو شتەیە کە باڵادەستیی نواندنەوە مەجازییەکانی جیهان بەسەر ئەو بەهایانەدا کە ئایدیای وەکو مانا و حەقیقەت لە پێشەوە دادەنێن، دەریان دەبڕن. خەمۆکیی ڕەمزی تەفسیری غیابی زیاتر لە ژیانی سیاسی دەکات کە هەوڵدەدەین لەڕێگەی ئامۆژگارییەوە



وەلای بنێین کە خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەو خاوبوونەوەیەی دەورمانی تەنیوە. تیۆرەکانی بۆدیار لە: سیمولاکراو سیمولەیشن (1981)، فریوودان (1982)، ستراتیژییەتە کوشندەکان (1984)دا، دەنگۆیەکی گەورەیان لە فەرەنسا و لە هەموو جیهانیشدا لێکەوتەوە، بە تایبەتیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەڵوێستە ئاشکراکانی لە ساڵی 1990ـەوە هۆکاری گفتوگۆ و کتێب و وتاری بێ هەژمار بووە، بە تایبەتیش لە کتیبەکەیدا جەنگی کەنداو ڕووینەداوە (1991)، لەوێدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جەنگی یەکەم دژ بە عێراق و پێشبڕکێی «بەرهەمە تەکنۆلۆژییەکان» لەو جەنگەدا و لە ڕێگەی ئەم جەنگەوە، بە واتای وشە جەنگ نەبوو. جەنگ گریمانەی بنەمای قوربانیدانێک دەکات کە ناگونجێت لەگەڵ ئایدیای «پلەسفری مردن»دا، بەڵام گریمانەی دوژمنێکیش دەکات کە ناتوانین لە خوێنرێژی voyou ــدا کورتی بکەینەوە. دوور لە جەنگی کەنداو، بۆدیار ڕەخنەی لە ئایدیای نەزمی جیهانی دەگرێت کە گریمانەی بیرۆکەی کامڵبوونی مێژوو و جیهانبینییەکی گشتگیر دەکات، لە جیهانبینییەدا وێنەی «ئەویتر» دواکەوتوو بەربەرییە و سەر بە ڕابردووە. لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا، بایەخی دەدا بە ڕووداوە ڕاستەوخۆ و کتوپڕەکان، وەکو کۆنوێژی جەنازەیی دوو تاوەرەکە، ڕۆحی تیرۆریزم، گرێبەستی ڕوون و زیرەکی خراپە (2004).

بەلای بۆدریارەوە، ئەو ئاسانخوازییەی لە کۆمەڵگەی دیموکراسیی ڕۆژئاواییدا بڵاوبۆتەوە، گونجاوە لەگەڵ ئاکارگەرایی پەرگیردا کە وامان لێدەکات نەتوانین دەرک بە وەزیفەی «خراپ» و «نەرێنی»ـی توندوتیژیی یان ڕێبازە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە پەرگیرەکان بکەین کە بۆ بەکەمگرتن وەک هەندێ نەخۆشی سەیر دەکرێن کە دەبێت بنبڕ بکرێن. ئەمە لە گفتوگۆیەکدا دووپات دەکاتەوە کە ڕۆژنامەی لۆمۆند لەگەڵیدا سازیداوە، لەوێدا دەڵێت: «هەموومان خەونمان بە هێرشەکانی سێپتێمبەری 2001ـەوە بینیبوو» کە بورجەکانی مانهاتنی ڕووخاند، پریشکێک کە بووە مایەی هەڵگیرسانی جەنگێک دژ بە ئەنجامدەرانی ئەم کردەیە لەلایەن ئەوانەوە کە پێیانوابوو لێخۆشبوونی لەم جۆرە کارە نا-بەرپرسانەیە. ئەم هەڵوێستە دوابەدوای یەکانە کاریگەرییان هەبوو بۆ بەشەیتانکردنی ئەم بیرمەندە پۆلێنکراوە، ئەم بیرمەندەی کە لە ستایلی حەدسیدا بیرمەندێکی ڕادیکاڵە.

کاری کردووە لەسەر شیکارکردنی پەرەسەندنی جیهانی هاوچەرخمان، وەکو لە کتێبەکانی: گۆڕانی گەورە،



**بۆدریار سەرسامبووە بە ئایدیای هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکای دڵخوازی جاك دێریدا و فرانسوا لیوتار، بەڵام کەوتۆتە ژێر کاریگەریی تیۆرە بونیادگەرییەکانیشەوە دەربارەی زمان. توانیویەتی فیکری ناوازەی خۆی لە هەندێ کتێبدا بسەپێنێت**



**بۆدریار ئایدزی به «خۆ-بەرگریی جۆریی مرۆیی» بەرامبەر هۆمۆسێکسواڵێتی وەسف کردووە، کە ئەمیشی بە «مەسرەفکردنی سێکسی» وەسفکردووە. بەڵام بەرگریکارانی بۆدریار ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە لێرەدا بۆریار وەسفی جەوهەری هۆمۆسێکسسواڵێتی کردبێت**

کۆتایی هەزارە (1998)، ئاڵوگۆڕی مەحاڵ (1999)، کەویکردنی تەم (2000) دا دەردەکەوێت. نووسینی لەسەر هونەر بڵاوکردۆتەوە، وەکو کتێبی بابەتە ناوازەکان: بیناسازیی و فەلسەفە، هەروەها پیلانگێڕیی هونەر، لەمەیاندا توانجی «شکستخواردوو» لە هونەری هاوچەرخ دەدات. بۆدریار بەتایبەتی بە شیکارییەکانی بۆ ڕووداو (یان نا-ڕووداو) ە هاوچەرخەکان ناسراوە. هەر بەم جۆرە دەربارەی نەخۆشی ئایدز، کۆپی، دۆزی سەلمان ڕوشدا، جەنگی یەکەمی کەنداو و هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەر نووسیویەتی.

لە تیۆری سروشتیی جیاوازیخوازیی بەها و نیشانەی فردیناند دو سۆسۆرەوە پەیامی وەرگرتووە. لەم تیۆرەوە ئەنجامگیریی ئەوەیکردووە «مەدلول» دۆخی خۆی وەک بابەتێکی بێلایەن لەدەستداوە و چۆتە نێو ئەپیەوەندییەکی ئاڵۆزەوە لەگەڵ سەراپای نەزمی کۆمەڵایەتیدا. لێرەدا بۆدریار وەک پاش-بونیادگەرا دەردەکەوێت. یەکێک لە تێزە سەرەکییەکانی بۆ کاملکردنی ڕەخنەی کۆمەڵگەی نمایش تەرخان کردووە کە «گەی دیبور» دەستی پێکردبوو، تەرکیزی خستە سەر شیکاری «هەڵوەشانەوەی واقیع» و دەرکەوتنی زنجیرەیەک زڕەوێنە (سیمولاکروم) کە بە بەردەوامی زیاد دەبن. هەموو ئەم ئایدیایانە پشت بەو بنەمایە دەبەستن کە دەڵێن دەلالەت -و بەها- مەرجەعییەتێکی خودییان هەیە. سروشتی جیاوازیخوازانەی بەها وای لە مانا کردووە لە واقیع سەربەخۆ بێت. بۆدریار ئەم بنەمایەی بۆ ئەوە بەکارهێناوە جەخت لەوە بکاتەوە کە لە کۆمەڵگە «کامڵ»ەکەماندا، کۆمەڵگەیەک کە تێیدا تەکنۆلۆژیای پەیوەندیگیری بۆتە هۆی زێدە-زیادبوونی مانا، مەرجەعییەتی خودیی مانا «گوندی گەردوونی» (بە مۆدێلەکەی ماکلوهان) بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو جیهانێکی بەرهەم هێناوە کە تێیدا دەلالەت سڕدراوەتەوە و کۆمەڵگەیش دابەزێنراوە بۆ ئاستی زۆرینەیەکی بێدەنگکراو و واقیعش لە نیشانە خود-مەرجەعەکاندا کورتکراوەتەوە.

لە وتارێکیدا بە ناونیشانی «هێزی دۆزەخی» (power inferno)، بۆدریار ڕەخنە لە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی دەگرێت و پێیوایە ناتۆ -باسکی سەربازیی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی- پشتیوایی لە جیهانیخوازیی هیومانیستی دەکات کە وێنەیەکی بەرجەستەی ئەم ئیپریالیزمەیە. هەروەها پێیوایە ئەو پشتیوانییەی کە هەم لەلایەن ساموێل

هانتینگتۆن و هەم لەلایەن ئیسلامییە توونددڕەوەکانەوە لە تیۆری «پێکدادانی شارستانییەتەکان» دەکرێت، شایەنی تێڕامانە و ئەم تیۆرە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دوور جۆرە کولتوور دەشارێتەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لەنێوان کولتووری جیهانیی هاوشێوە و هەموو ئەو کولتوورانەی تردا کە هێشتایش شتێک لە تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی لە سڕینەوە-بە-دەری خۆیان دەپارێزن. سەبارەت بە هێزی جیهانیی پەرگیز هەروەکو فەندەمێنتالیزمی ئایینی، هەموو فۆرمە جیاواز و تاقانەکان هیچ نین جگە لە هەرتەقات. ئەرکی ڕۆژئاوا (یان باشتر بڵێین ڕۆژئاوای پێشووتر چونکە ئەوەی ئێستا دەمێکە بەها خودییەکانی لەدەست داوە) وا لە ملکەچاندنی کولتووره جیاوازەکاندا بە هەموو ئامرازەکان بۆ یاسای دڕندانەی یەکڕەنگی.

بۆدریار ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنەی کراوەتەوە. بەتایبەتیش لەسەر هەڵوێستەکانی دەربارەی نەخۆشیی ئایدیز و هۆمۆسێکسواڵێتی، کە لە شاشەی گشت-نوێندا دەڵێت: «ئەوەی بەهاوشێوەییەوە بژی بەهۆیشییەوە دەکرێت. مەحاڵیی ئاڵوگۆڕ، بەرامبەرکێ، ئەویترێتی، ئەویترێکی دیکەی نەبینراو، شەیتانی، نەگیراو پێکدەهێنێت. ئەم ئەویترە ڕەهایە بریتییە لە ڤایرۆس». ڤایرۆس یان بازاڕی ڕەش، بێکاری، سێکس، زانیاری، چەک، هونەر، تەنانەت بازاڕی ڕەشی فیکر.

بۆدریار ئایدزی بە «خۆ-بەرگریی جۆریی مرۆیی» بەرامبەر هۆمۆسێکسواڵێتی وەسف کردووە، کە ئەمیشی بە «مەسرەفکردنی سێکسی» وەسفکردووە. بەڵام بەرگریکارانی بۆدریار ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە لێرەدا بۆریار وەسفی جەوهەری هۆمۆسێکسواڵێتی کردبێت، بەڵکو دەڵێن زیاتر مەبەستی لەو کۆمەڵ و گروپانەیە کە لە نزیکایەتییەکی ئاوێزانی پەرگیردا دەژین، بۆدریار دەڵێت: «لە کۆمەڵگەی زینای مەحرەمەکاندا دەژین. خۆ ئەگەر ناوەندە هۆمۆسێکسواڵەکان یان ئەوانەی ئالوودەی مادەی هۆشبەرن تووشی ئایدز دێن، ئەوا لەبەرئەوەیە کە زینای مەحرەمەکان لەم گروپانەدا بڵاوبۆتەوە کە لە بازنەیەکی داخراودا ئیش دەکەن» (شاشەی گشت-نوێن). دواتر یەکسەر باس لە کێشەی هیمۆفیلیا Hémophilie دەکات تووشی حاڵەتەکانی هاوسەگیریی خزمانی نزیک دێت. دواجار مەبەستی بۆدریار لە گوزارەی «ئەوەی بە هاوشێوەییەوە بژی لە هاوشێوەییدا دەمرێت» هۆمۆسێکسواڵەکان نییە، بەڵکو لەدەستچوونی پەیوەندییە لەگەڵ ئەویتردا، لەدەستدانی ئەویترێتییە بە گشتی لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەویتردا، وەکو کۆپیکردنەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوە لە کۆمەڵگەی ئەمرۆماندا، کە بەندە بە لێکنزیکبوونەوەیەکی بەردەوامەوە لە ڕێگەی سڕینەوەی جیاکاری و مەودای نێوان فەزای گشتی و فەزای تایبەتییەوە.

لە ئاڵوگۆڕی مەحاڵدا بۆدریار داوای دابڕان لە هاوشێوەیی دەکات. ماتریاڵ و ژیان و تەنانەت فیکر، هەرهەموویان لە دابڕان لەگەڵ هاوشێوەییەوە بەرهەم دێن. »سوبێکت و ئوبێکت، نێرینە و مێینە، دووالیزمی ناهاوشێوەن. یەکترکێشکردنە بەرامبەرێنەکەیان لەم نا-هاوشێوەییەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ ئەوەی دوو شت بتوانن هاوئاست و نۆبەکاربن، دەبێت لەم یەکترکێشکردنە دوولایەنە ڕزگاربکرێن، نابێت بتوانن یەکێکیان بگۆڕێت بۆ ئەویتریان و جێگای بگرێتەوە -دەدنا خۆت لە باخچەکەی ئەلیسدا دەبینیتەوە، واتە لە وڵاتی سەیروسەمەرەکاندا: «گۆڕانی هەمیشەیی».